بەڕێز كاك كەماڵ شاكر

سڵاوێكی گەرم

هەروەكو بەڕێزتان ئاگادارن وا بۆ 2 ساڵ دەچێت , ئێمە سەرقاڵی بە دادگایی گەیاندنی فرانس ڤان ئەنراتین , ناوبراو قاچاخچی چەكی كیمیاوییەو تاوانبارە بەرامبەر بە كۆمەڵكوژییەكانی گەلەكەمان لەو هێرشانەی بە چەكی كیمیاوی دژی ئەنجامدران , خولی یەكەمی پرۆسەی دادگاییەكەی لە بەرواری 18-3-2005 و لە شاری ڕۆتەردامی هۆڵەندی ئەنجامدرا , پرۆسەی دادگاییەكە لە ئاكامی ئەو سەدا ڕاگەیاندنە گەورەیەی لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن دایەوە بوو بە دادگایی سەرجەم ئەو كۆمپانیاو دەوڵەتانەی چەكی كۆكوژییان بە ڕژێمی ڕوخاو فرۆشتووە . خولی دووەمی پرۆسەی دادگاییەكە لە یۆنی داهاتوو دەست پێدەكاتەوەو پرۆسەی دادگاییەكە تا نۆڤەمبەری ئەمساڵ درێژە دەكێشێت , سەركەوتنی ئەم دادگاییە, هەنگاوێكە لە پێناو ئەوەی كۆمپانیاو دەوڵەتان سڵ لە فرۆشتنی چەكی كیمیاوی بە دوژمنانمان بكەنەوە و نەوێرن جارێكی كە دژ بە گەلەكەمان بەكاری بهێننەوە .

بۆ سەرخستنی ئەو دۆزە , بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پێویستمان بە كۆمەكی مادی و مەعنەوی ئێوەی بەڕێز هەیە , لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە داواكارین لە بەڕێزتان سەبارەت بە بەكارهێنان چەكی كیمیاوی لە كوردستان و كەسی تاوانبار(فرانس ڤان ئەنرات) چی زانیارییەكتان لا دەست دەكەوێت بفەرموون بۆ دادگای هۆڵەندی یاخود بۆ ئێمەی ڕەوانە بكەن . هەروەها هاوكات بۆ درێژە دان بە پرۆسەی دادگاییەكە پێویستمان بە كۆمەكی مادیی ئێوەی بەڕێز هەیە , هەر هاوكارییەك پێشكەش دەكرێت بە سوپاسەوە ئێمە لە ڕاگەیاندنەكانمان بڵاوی دەكەینەوە .

بەهیوای هاوكاری هەمەلایەنەتانیین .

كۆمیتەی بە دادگایی گەیاندنی فرانس ڤان ئەنرات

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی كورد-چاك-27-3-2005

پەیوەندی

www.chak.info

salah_m20002000@yahoo.com

یاخود ژمارەی تەلەفۆن

003162694 6619